## بۆ بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی، تکایە ئەو داوایەم بخوێننەوە ... محمد عبدالله قادر



بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی دوای هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر کە لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی یاسا کە قوتابیم تیدا، بەمەبەستی ئەو کێشەیەی دوچارم هات بەهۆی کارێکی براکەمەوە کە بۆ ئەوەی ئەو خۆی بەدەستەوە بدات من و برایەك و باوکم لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەسگیر کراین.

لەوکاتەی کەمن گیرام کاتی ئیمتحانی ئەزموونی دەوری دووەم بوو کەمنیش بەهۆی سەختی بژێوی ژیانمەوە لە چەند دەرسێك ئیمتحانم نەکردبوو، ئەوەبوو لەکاتی ئەو تاقیکردنەوانەدا من لە بەندیخانەدا دەست بەسەر بووم بێئەوەی کە هیچ ڕەچاوێکی ئەوە بکرێت کە من قوتابیم کە زۆر داوام کرد لێیان تەنها بۆ تاقیکردنەوەکەم ڕێگام بدەن بۆ ئەوەی ئەم ساڵ دەرچم و نەمێنمەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ سود بوو.

ئێستاش کە بۆ چەند ڕۆژێك دوای ئەو تاقیکردنەوانە لە بەندیخانە هاتمە دەرەوەو دوبارە هەوڵم دا کە ئیمتحان بکرێمەوە چونکە من هیچ گوناحێکم نەبووە تەنها بەهۆی کارێکی براکەمەوە دەستگیر کرابووم کە تەمەنی لە خواروی هەژدەساڵیەوەیە، کردنی کارەکەشی کە هەڵگرتنی کچێك بوو کە حاڵەتی کۆمەڵایەتی بوو بەڵام بە حاڵەتێکی ڕفاندن حسابی بۆ کرابوو.

ئەوە مانگێك بەسەر بەربونم تێپەڕیوە کەسێك لە زانکۆو لە سەرۆکایەتی زانکۆ ئامادەنیە گوێم لێبگرێت و ئیمتحانم پێبکەنەوە کە وەرەقەی حاکمی ئاسایشم هەیە کەمن ئەوکاتە دەست بەسەر بووم، ساڵێك ڕۆیشتن لە خوێندنم بۆ من کە بەرێگای کارکردنم پارەی ساڵانەم دابین کردوەو هەرچۆنێك بێت ژیانێکی کولەمەرگیم بەڕێ کردوە ئەوە گەورەترین کارەساتە بەسەر من بێت بۆیە هیچ ڕێگەیەکم بەدەستەوە نەماوە لە گەورەیی بەڕێزتان نەبێت کە بە ئەوپەڕی ڕێزەوە داوا لە جەنابتان ئەکەم کە بە پیری ئەو داوایەمەوە بێن و لەو کێشەیە ڕزگارم بکەن، دڵنیاشم بەڕێزت وەك و سەرۆکایەتی زانکۆو کۆلێژەکەم سەیرم ناکەیت و گوێم لێدەگریت.

محمد عبدالله قادر
قوتابی کۆلێژی یاسا/ئێواران